باسەکانی بەناوی ئیشکالیەتی زمان و شوناس بوو. کە هەتا ئێستاش گەلی کورد هەمان ئیشکالیەتی هەیە. بەدیدی ئەو شوناس و تێگەیشتن دوو دیوی یەک دراون و زمان تەفاعولیان لەگەڵ دەکات.

کێشەی هەندێک لە شانۆکارانی کوردیش ئەوەیە کە بە باس لە شانۆی کوردی دەکەن بەو مانایەی کە دەبێت جلی کوردی یان بە زمانی کوردی بدوێن، بە ئەوەی خەسڵەتەکانی شانۆی کوردی دیاری بکەن، کە هەمان ئیشکالیاتی هەندێک لە شانۆکارانی ئەمازیغ بوو. بەڵام زۆر جار زمان تەنها گوزارشت کردنە. لەهەمووی گرنگتر تێگەیشتنە بە دید و تێڕوانینی کوردی یان ئەمازیغیەوە بە پرسەکان زمان تەنها تەفاعولیان لەگەڵ دەکات، لەشانۆدا تەنها یەک زمان نابینرێت بەڵکو چەند زمانێکمان هەیە، هەر بەشەو بە تەنها زمانی خۆی هەیە، وەک زمانی جەستە، زمانی موسیک، زمانی تێکست، زمانی ئاماژە، زمانی رووناکی و هتد. بەڵام لە باس و کۆڕو سیمینارەکاندا لە لایان رۆشنبیرانو موفەکیرانی ئەمازیغی راستکردنەوەیەکی تەواوی ئەو تێگەیشتنە هەبوو.

لە مێژووی ئەمازیغیدا کچ و کوڕ بەرامبەر یەک ڕاوەستاون و شیعریان بەرامبەر بەیەکتری ووتووە ، شیعریان بەسەر یەکتردا هەڵداوە، زۆر جارانیش ژنان سەرکەوتوو تربوون پیاوانیان لەکۆڕی شیعریدا بەزاندووە. کاتێکیش فتوحاتی ئیسلام ئەو ناوچانە دەگرێتەوە و بەزۆری شمشێر ئەمزیغیەکان موسوڵمان دەبن، ئەو کلتوری کرانەوەیەی کە هەیان بووە بەرەو نەمان دەچێت. لەبەر ئەوە تێگەیشتنیان دەبێت لەو دیدگای کرانەوە و بە هەند وەرگرتنی مافەکانی مرۆڤ بێت، ئەوەش بەواتای تۆ دەبێت تێگەیشتنێکی خۆتت هەبێت بەرامبەر بە بابەتەکان، یەکەم وەک مرۆڤێک وەک تاکێک دووەم وەک ئەمازیغیەک یان وەک کوردێک. کێشەی شانۆ و تەناتەت سینەمای کوردی ئەوەنیە بەزمانی کوردی و بە ئاخاوتنی کوردی بەرهەمەکانمان پێشکەش بکەین بەڵکو گواستنەوەیەتی لە لادێوە بۆ شار بۆ مەدەنیەت . لە سیمینارەکادا باس لەوە دەکرا کە عەرەبەکان بەگەلی ئەمازیقیان دەوت ئەوانە فۆلکلۆریان هەیە باسی فۆلکلۆری ئەمازیغیان دەکرد.

لەبەر ئەوە هونەرمەندان و شانۆکارانی ئەمازیغ ئەرکێکی قورستریان کەوتەتە سەرشان ئەویش بزوتنەوەیەکی هونەری شوناس خوازیە. لەو دیدە داگیرکاریە ڕزگاریان بێت کە کلتوری گەلێک وەک فۆلکلۆر سەیر بکرێت. هەروەک چون وڵاتانی سەردەستی کوردستان، ماف و مێژووی گەلەکیان تەنها لە هەڵپەڕکێ، خواردن، جلوبەرگ و فۆلکلۆری کوردیدا قەتیس کردبوو. وە هەموو نەتەوەیەک کە دەیەوێت لەسەر پێی خۆی

پێدراوە.لەبەر ئەوە شانەی کوردی و ئەمازیقی پێویستی بە پەڕینەوەهەیە.

ــ یەکێکی تر لەو خاڵانەی تر کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم دوای دروستبوونی مێژووی ولاتانی عەرەب، بە بەپێی یاسا نمایشکردن و شێعرنوسین بە زمانی ئەمازیغی قەدەغەکرابوو. جارێکی تر شانە بەزمانی ئەمازیقی لە ساڵەکانی سەرەتای دووهەزارەکاندا لەدایکبووە، لەناو سەندیکاو کۆمەڵەرۆشینبیریەکاندا سەری هەڵدایەوە. جێی خۆشحالی بوو کە هەم گەلی ئەمازیغی و هەم رۆشبیرو هونەرمەندەکانیان تێگەیشتنێکی تەواویان بۆ پرسی گەلی کوردستان هەیە، ئەوان بەخۆیان دەڵێن کوردەکانی مەگریب و بە ئەمەش دەڵێن ئەمازیغیەکان. بۆ ساڵی ئایندە خولی پێنجەمی فێستیڤاڵ وەک هاوکارێک و هاوبەشێکی خۆیان منیان وەک ئەندامی لیژنەی فێستڤاڵ دەستنیشان کرد. بە هیوام بتوانین ئەمەش هاوکاریان بین




الجائزة الوطنية للثقافة الامازيغية المسرح


الوطنية للثقافة
ival de théâtre
de Casablanca
-09 / 09 / 2018
الرابع للمسرح الامازيغي
الأحداث المغربية


Casablanca 06-07-08-09 / 09 / 2












BLACK




الجائزة الوطنية للثقافة الامازيغية /
4
de théâtre